# خواستەکانی فەرمانبەرانی نەخۆشخانەی ئازادی لەکەرکوك



پاش نزیکەی دووساڵ و نیو لە ڕووخانی حکومەتی بەعس ئێمە کارمەندانیوەزارەتی تەندروستی وەکو بەشێکی گرنگ لەسەرجەم کارمەندانی وەزارەتە جیاجیاکانی عێراق بێبەشین لەزۆربەی مافە بنەڕەتییەکانی خۆمان ،کەچی لەجیاتی ئەوەی کە ئەو مافانەمان بۆدەستەبەر بکەن خەریکە ئەوەش کەبەهەوڵ و خەباتی خۆمان بەدەستمان هێناوە لێمانی وەربگرنەوە ، سەرەڕای ئەوەی کەئێمە ئاگادارین کەئەوبڕەپارەیەی کەبۆ ئەم وەزارەتە تەرخان کراوە ئیمکانی ئەوەی هەیە کەسەرجەم خواستەکانی ئێمەی پێدابین بکرێ بەلاّم ئێستا خەریکە بەپێچەوانەی ئەمەوە ئەوەشی کەهەمانە لێمانیوەربگرنەوە ، عێراقێك کە سەروەت وسامانەکەی ئەوەندە زۆرە کە نەك هەر خەڵکی عێراق بەڵکو چەند بەرابەری خەڵکی عێراقیش لەوپەڕی خۆشگوزەرنیدا ئەژێنێ کەچی ئێمە لەسەرەتایی ترین مافەکانی خۆمان بێبەشین ، ئەم قسانەو ئەم خواستانەی ئێمە بەتەنها قسەی دڵی ئێمە نیە بەڵکو قسەو خواستی هەموو کارمەندانە .

هەر بۆیە ئێمە پێلەسەر ئەم داخوازایانەی کەلێرەدا بەیانی دەکەین دادەگرین و داوا دەکەین کە جێبەجێ بکرێ

- هەڵوەشانەوی بڕیاری کەمکردنەوەی مووچەکانمان
- زیاد کردنی مووچەکانمان بەگوێرەی گرانی بازاڕ کەلانیکەم لە ( 375000) دینار کەمتر نەبێ بۆ هەرکامەندێکمان کەتازە دائەمەزرێ
- دابین کردنی مخصصات و بەدەل عدوی
- دابین کردنی مخصصاتی ژن ومنداڵ
- دانی کرێ بۆئەو کارمەندانەی کە شەوانە یان ڕۆژانی هەینی و پشوو خەفارەت ئەگرن
- خەرج کردنی پارەی هاتوچۆی کارمەندان یاخود دابین کردنی سەیارە بۆ هات وچۆکردنمان
- دابین کردنی خانووی گونجاو بۆسەرجەم کارمەندان
- حساب کردنی ئەوساڵانەی کە هەر کارمەندێك لەئێمە لەژێر فشاریحکومەتی بەعسدا بەبیانووی پاکتاوکردنی ڕەگەزی یان کێشەی سیاسیەوە دەستی لەکارکێشاوەتەوە بەخزمەت .
- کەم کردنەوەی کاتی دەوام لە 7 سەعاتەوە بۆ 6 سەعات ڕۆژانە
- زیاد کردنی ژمارەی ئەو کارمەنەندە تەندروستییانەی کەبە ئیفاد دەنێردرێن بۆدەرەوەی وولاّت بۆ بەشداری کردن لە خولی مەشق کردن و زانستی بۆ فێر بوونی زیاتر بەبێ جیاوازی
- دانانی قانوونێك بۆ پاراستنیکارمەندان لە ئیهانەت و سووکایەتی پێکردن لەلایەن چەند لایەنێکەوە چ لەناو یان دەرەوەی دەزگا تەندروستییەکان
- هەڵگرتنی باج لەسەر مانگانەکانمان

- لابردنی جیاوازی نێوان وەزارەتە بەرهەم هێنەرەکان ووەزارەتە خزمەتگوزارییەکان لەباری مالی و مادی و وورەوە
- دانانی میزانییەك بۆ ئەوکارمەندانەمان کە ژیانی هاوسەری پێکەوە ئەنێن
- دابەش کردنی دامەزراوە تازەکان بەسەر بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی پارێزگاکاندا بەگوێرەی شوێنی ژیان و دانیشتنیان



**کارمەندانی تەندروستی نەخۆشخانەی ئازادی گشتی**

2005/8/4